# جەژنی سەرە ساڵ

[ بە كوردی ]

عيد رأس السنة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : سایتی رێگای ڕاستی
الناشر : موقع ريكاي راستي ( الطريق المستقيم )

پێداچونەوە: عەبدوللە سابیر گەرمیانی

المراجعة:عبد الله صابر كرمياني

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

# جەژنی سەرە ساڵ

الحمد لله على إحسانه، والشكر له على توفيقه وامتنانه، وأشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدًا عبده ورسوله ،

وبعد :-

لەبەر بەگرینگ هەڵسەنگاندنی جەژنەی سەری ساڵ بەسەر موسوڵمانان بە گشتی و موسڵمانی کورد بە تایبەتی بەپێویستم زانی چاوێک بەو جەژنەی ناموسوڵماناندا بخشێنین و لە ڕوانگەی ئیسلامدا چۆن چاوی تێکراوە .

وە موسوڵمان تا چەند دەتوانێت ئەو یادە بکات و جەژنە پیرۆزە لە یەکتر بکەن .

## جەژنەی سەرە ساڵ

جەژنەی سەرە ساڵ لە 25 ی دیسەمبەر دەست پێدەکات کە پێی دەوترێت { کرسمس } گوایە بەبۆنەی لەدایک بوونی { المسيح} سەلامی خوای لەسەر بێت لەهەموو ساڵێکدا،

وەلەم جەژنەیاندا چەندین جۆر دروشم و بەندایەتی تیادا ئەنجام ئەدەن، وە ئەو قەشە ناودارەیان { نیکولاس} لەکۆنا هەڵدەستا بە دابەش کردنی دیاری بەسەر خەڵک لەو جەژنەیاندا کە ئیستا شوێنگرەکەی {بابا نویل}ە بەتایبەتی دیاری بەسەر منالاّندا.

وەهەروەها بەناو شوێنکەوتوانی { المسيح } سەلامی خوای لەسەر بێت لە ئەوروپا و ئەمریکا و هەرشوێنێکی جیهاندا لە شەوی سەرەساڵدا کەدەکاتە { 31 دیسەمبەر } بیر و باوەڕێکیان هەیە مەگەر تەنها گەمژەو نەزان باوەڕ بەوە بێنن،

## بیرو باوەڕیان

بۆ نمونە:

- ئەوکەسەی کۆتاین پێکی شەڕاب بنۆشێت لەم شەوەدا ئەو کەسە بەختەوەر دەبێت وە ئەگەر شوی نەکردوە یان ژنی نەهێناوە ئەوا شوو دەکات یان ژن دێنێت .

- بێ وەمە{ الشؤم }ئەگەر بچیتە هەر ماڵێک یان شوێنێک بەدەست بەتاڵی واتا دەبێت دیاری پێبێت.

- وەماڵ پاک کردنە و گێسک دان ئەوە بەخت لەگەڵ گێسکەکە دەبات و بەختەوەری دەکەرێتە دەرەوە واتا بەخت ڕەش دەبێت.

- وە شۆردنی کەل و پەڵ و جلو بەرگ بی وەمیە { الشؤم }بەدواوەیە .

- وە سوربوون لەسەر داگیرسانی چرا لە شەوی سەرەساڵدا تا بەیانی بەختەوەری بەدواوەیە.

وەچەندی بیر و بۆچونی تری بێ مانا ئەمە وەئەم بیر و باوەڕە کەسانێک پێیان وایە کە خۆیان بە پێشکەوترین مللەت دەزانن،

بەڵام سەیر لەوەدایە کەسێکمان نەدیت لە چڵکاو خۆرەکان، چڵکنەکان لە مونافیقەکان لە کورد زوبانەکان ئەوانەی شەو ڕۆژ دەهۆڵ لەشانانە دەهۆڵیان بۆ دەکوتن لە عەلمانیەکان بڵێن ئەمە شتێک دورە لە تێگەیشتن ئەم بیر و بۆچوونە لوتکەی بەرزی دواکەوتنە.

بەداخەوە ئیستا چەندێک لە کوردی موسوڵمان سەرقاڵن بەو دروشم و ڕەفتارەیان وە ئەمە بە پێشکەوتویی دەزانن ،وەکەسێک بەژداری سەرەساڵ نەکات یان شێوەی سەرەساڵی پێوە دیار نەبێت ئەوە بەدواکەوتووی دەزانن

بۆیە لە دوکانەکان یان لە تەلەفیزیۆنەکان یان لە بازێڕ و شوێنە بەرچاوەکاندا ئەو دیاردەیە شتێکی باوە، منالانیش ئەزانن ئەمڕۆ جەژنە.

تەلەفیزیۆنەکان بەتایبەت ئاو بێنەو دەستت بشۆ، وەک ئەمەوایە کورد خاچ پەرستە و موسوڵمان نیە هەر کەنیسە و خاچ ئەبینیت بروسکەی پیرۆزبایش گوێت کەڕ دەکات.

وە منالەکانیش هەرخوا خێرکات کەم منالێ هەیە کە نەیبیستێت { عیسا } کوری خوایە.

ماڵەکان بەرەکەتی لێ هەڵگیراوە چاوەڕوانی چی دەکین لەماڵی تۆ لەنێوماڵ و منالی تۆ کوفر دەکرێت تۆش هەر پێبکەنە، قەیناکات کوردایەتیە .

وەک ئەوەیە کوردایەتی تەنها بۆ بەگاور کردنی کورد بووە ڕابەرانی کورد هەمووی شێخ و مەلا و قازی بوون بەڵام بەداخەوە .

بەتەلەفزیۆنەکە هەڵنەخەڵەتێیت ئەوانەی بانگێشەی ئەم جەژنانەیە دەکەن خۆیان بە موسوڵمان دەزانن وەک ئەو کەسانە وان کە خوا لە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوە کردون کەدەفەرمووێت{... فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ۚ .... } (176) الاعراف

واتا :جا نموونەی (ئەو جۆرەکەسانە )وەک و نمونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پایدا هەڵبشاخێیت هەناسە پڕکێیەتی ( زمان دەردەکێشێت ) یاخود ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوا هەر هەناسە پڕکێیەتی .

ئیتر هر چاوی لە دەستی ترە ئەمە ڕەوشتی سەگە تەنها سەگیش ئەم ڕەوەشتەی تیایە لە گیانداران.

## وەرە ژێر سایەی ئیسلامەوە

خوای بەخشەندەو میهرەبان دەفەرمووێت { ... ولا تتبع أهواءهم عما جاءك من الحق لكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا... } المائدة 48

واتا : شوێن ئارەزوەکانی ئەوان مەکەوەو لەو حەقە لامەدە کە بۆت ڕەوانە کراوە، بۆ هەرلایەکتان ( موسوڵمانان و خاوەنانی کتێب ) بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتمان پریار داوە .

خوای بەخشندەو میهرەبان لە شوێنێکی تری قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ۚ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ} (208) البقرة

واتا :ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیرەوی بکەن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە .

کەواتە خوای پەروەردیگار داوای تەواوی ئیسلامان لێ دەکات ئەگەر نا ئەوە شوێن هەنگاوەکانی شەیتان کەوتوین، خواپەنامان بدات.

ئینجا چ بەناوی پێش کەوتن بێت، یان یێکسانی مرۆڤەکان بێت، یان دینەکان هەمووی هەر یەکن  تەنها بۆ خوا پەرستنە، یان هەر پروپاگەندێیەکی تر.

جا بالەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام بمێنینەوە بە تەواوی نەوەک لەوکەسانەبین لە ڕۆژی دوای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) وەستاوە بەسەر حەوزی کەوسەردا و موسوڵمانان لە ئاوی کەوسەر ئەخۆنەوە و کەسانێک کە ئۆممەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) بوونە دەیانەوێت بەرەو پێغەمبەری خوا ڕۆن بەرەو خواردنەوەی ئەو ئاوە کە خوا ئامادەی کردوە بۆ میللەتی ئیسلام لە دواوە فریشتەکانی خودا دەیانگرن و دوریان دەخەنەوە بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێت (صلى الله عليه وسلم )ئەمانە ئۆممەتی منن لە وەڵامی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموون
( إنك لا تدري ما أحدثوا بعدك" وفي رواية"فأقول: سحقاً لمن بدَّل بعدي )
پێغەمبەری خوا تۆ نازانی بەدوای تۆدا چیان کرد واتا لەوە بۆت هێنابوون نەمانەوە بەتەواوی، لە ڕیوایەتێکی ترا هاتوە پێغەمبەر دەفەرموێت دووری بۆ کەسانێک بەدوای مندا گۆڕان .

## لەسەر چی ئەیکەیت بە جەژنە ؟؟؟




لەسەر ساڵێکی بەسەرچووی تەمەنت !!!

یان جەژنانەی نزیک بونەوەی مەرگت !!!

بەڵکو پێچەوانی پێغەمبەری خوایە و گاڵتە کردنە بە خوا.

چونکە لە ڕۆژێکا } 17 جار { لە نوێژەکانت دەڵێیت { غير المغضوب عليهم ولا الضالين } واتا: نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەی خەشم و قینیان لێگیراوە{ نەسڕانیەکان}دەگرێتەوە وە

نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەش کە سەرگەردان و گومڕان {یەهودیەکانن }.

دواتریش لەسەر ڕێبازی ئەوان وەک و ئەوان ڕەفتار ئەکەیت ئەمە چ جۆرە موسوڵمانایەتیەکە خوا پەنامان بدات، مەگەر ئیسلام واتای ملکەچی ناگایەنێت بۆ خوای گەورە ومیهرەبان.

## دڵ شاد و شادومان بن



خوشک و برایانی موسوڵمان خوای پەروەردیگار دەفەرمێت { قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ }(58) سورة يونس

واتا : (ئەی محمد ) بە ئیمانداران بلّیّ : با دڵ شاد و شادومان بن بە فەزڵ و بەخشش و ڕەحمەتی خوایی( کە قورئان و بەرنامەی خوایە ).کەوابو بە هەربەوە دڵ خۆش بن، هەر ئەوەش چاکترە بۆیان لە هەموو ئەو شتانەی خەلکی خەریکن کۆی دەکەنەوە کەڵەکەی دەکەن.

نەوەک شادومانی و جەژنانەمان لەگەڵ کەسانێک بێت کە ئەو ڕۆژەیان لا زۆر پیرۆزەو پێغەمبەری خوا { عیسا} سەلامی خوای لەسەر بێت دەکەن بە کوری خوا .

## فەرامۆشی ڕێبازەی ئیسلام

خوای پەروەردیگار دەفەرموێت{ فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّىٰ إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ }(44) سورة الانعام

واتا : ئینجا کاتیک ئەو بەرنامە و ڕێبازەی کە یادیان خرابۆوە فەرامۆشیان کرد، ئێمەش دەروازەی هەموو شتێکمان بۆ واڵا

کردنەوە و ( ناز و نیعمەتمان بەسەردا ڕژاندن ) هەتا کاتێک دڵ خۆش و شادمان بوون بەوەی کە پێیان درا، ئیتر لەناکاو گرتمانن و هەموویانمان سەرگەردان و ڕیسوا کرد ئینجا ئەوان بێ ئومێد بوون و بە غەم و پەژارێیەکی زۆرەوە تیا چوون .

هەرچەندە ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لە میللەتانی پێشی دەکات بەڵام واتا بۆ من و تۆیەتی ئینجا با لە خوا بترسین پشت نەکەین لە خوا و پێغەمبەر ئەگەر وامان کرد ئەوا با چاوەروانی سەزایەکی سەخت و ڕیسوا بوون بیین .

جەژنەی سەرەساڵە بۆخۆیان نەوەک بۆ ئێمەی موسوڵمان ئێمە تەنها دوو جەژنەمان هەیە لەساڵێکدا و لە هەفتەیەکیش ڕۆژی هەینی.

خوای پەروەردیگار دەفەرموێت { فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلًا وَلْيَبْكُوا كَثِيرًا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ } (82) سورة التوبة

واتا : جا(وازیان لێ بهێنە)با کەمێک پێبکەنن ( لە دنیادا ) وە دەبێت زۆر بگرین ( لە قیامەتدا ) لە پاداشتی ئەو کار و کردەوەیەی دەیکەن.

ئینجا بەدوای ئەمە مەگەڕێ تا تۆزێک پێکەنیت و دواتر زۆر بگریت .

## پرسیار

دواتر پرسیار دروست دەبێت بۆ ئەوروپا و خۆرئاوا بەژداری ئاهەنگی جەژنانەمان نابن بەڵک و هەر ڕێزیشی ناگرن، کەچی موسوڵمان جەژنەی ئەوان دەکات بە بیرەوەرییێکی جیهانی و دەیکات بە مولکی خۆی ،

- ئایە شانازی بە ئاینەکەیانەوە دەکەین و شەرم ئەکەین لە ئاینەکەمان ؟؟؟

- ئایە ئاینەکەی ئەوان ڕاست و دروست ترە لە ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام تا شوێنیان بکەوین ؟؟؟

- یان خۆ بەکەم زانینمانە بۆیە هاوشێوەیان دەکەینەوە ؟؟؟

نەخێر بەڵک و پێغەمبەر سەروەر(صلی الله علیه وسلم ) ئاگاداری کردوینەتەوە زیاتر لە چواردە سەدەیە کە دەفەرمووێت (ستتبعون سنن من كان قبلكم شبراً بشبر وذراعاً بذراع حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه، قالوا: أتراهم اليهود والنصارى؟ قال: فمن إذن ) البخاري ومسلم...

واتا :شوێن هەنگاوەکانی ئەوانەی پێش خۆتان دەکاون بست بە بست بازو بە بازو وە ئەگەر خۆیان بخەنە کونی مارمیلقە { ضب }وە ئێوەش بەدوای ئەوانە خۆتان ئەخەنە کونەکەوە،یاوەرانی فەرمویان پێغەمبەری خوا مەبەستت { اليهود والنصارى }یە فەرمووی ئەی کێن .

## حوکمی جەژنەی سەرە ساڵ

زانایانی ئیسلام یەک دەنگن لەسەر بەحەرام دانانی جەژنەی سەرە سەڵ و بەژدارکردنی و پیرۆزبایی،

وە ئەمە مەزهەبی { الحنفية و المالكية و الشافعية و الحنابلة }یە .
{ أبو حفص الحنفي }یەکەکە لە زاناکانی ئیسلام دەفەرمووێت { من أهدى فيه بيضة إلى مشرك تعظيما لليوم فقد كفر بالله تعالى } فتح الباري
واتا : ئەگەر هەرکەسێک هەلکەیەک بکات بە دیاری گاورێک لەم رۆژەدا بەواتای بە جەژن زانینی ئەو ڕۆژە ئەوا کوفری کرد بە خودای گەورەو میهرەبان.
وە هەروەها شێخ { ابن العثيمين }دەفەرمێت { تهنئة الكفار بعيد (الكريسمس) أو غيره من أعيادهم الدينية حرام بالاتفاق كما نقل ذلك ابن القيم - رحمه الله - في كتابه (أحكام أهل الذمة) }
واتا : پیرۆزبای کردنی گاوران بەبۆنەی جەژنی (الکریسمس )یان هەرجەژنەیەکی تریان حەرامە بەیەک دەنگی زانایان چۆن { ابن القيم } رحمه الله لە پەرتوکی( أحكام أهل الذمة ) باسی لێوە کردوە.

وەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) لە وەڵامی ابابکردا دەفەرمێت (يا ابابكر فان لكل قوم عيد)صحيح البخاري واتا : ئەبابەکر هەموو میللەتێک جەژنەی خۆی هەیە.
ئینجا وەک و موسوڵمان جێژنەکانمان دیارە جەژنی { ڕەمەزان و قوربان } وە ڕۆژی هەینیش زانایان بە جەژنیان زانیوە و دایان ناوە لە بەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) ( يوم الجمعة يوم عيد، فلا تجعلوا يوم عيدكم يوم صيام إلاَّ أن تصوموا قبله أو بعده ) قال الإمام أحمد رحمه الله في المسند 532/2 هذا حديث صحيح الإسناد
وە پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمێت (من تشبه بقوم فهو منهم) رواه أبي داود

واتا :هەرکەسێک هاوشێوەی مللەتێک بکات ئەوە ئەو کەسە لەوانە .
کەواتە ناکرێت موسوڵمان و لەهەمان کاتدا دیان{کریستیان }بین، دەبێت ئەو جۆرە موسوڵمانە بین وەک خوا داوامان لێ دەکەت بۆیە خوای پەروەردیگار دەفەرموێت { وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ } سورة ال عمران 85
واتا : جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیرەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.
وە فەتوای زانایانی ئیسلام لە هەژمار نەیە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) تاوەک و ئەمڕۆ هەمووی بە حەرامی دەزانن بەڵک و بەرەو لە دین دەرچونی مرۆڤ ئەبات ئەگەر بە باوەڕەوە جەژنانەکە بکەیت و باوەڕت پێی بێت.

## چەند پرسیارێک ؟؟؟



ئەگەر باوەڕت پێی نەبێت تەنها وەکو لەسایە کردنەوەی ئەوان بێت ئایە شەریعەتی ئیسلام لەو بارە چی دەفەرمووێت ؟؟؟
زانایان دەفەرموون {وحكم هذا الفعل التحريم }ئەو جۆرە ڕەفتارە حەرامە لەبەر ئەوەی بەژداری کردنت لە بیرەوەریەکەو {تعظيم شعائرهم و إقرار دينهم }گەورەکردنی دروشمیانە و بەحەق زانینی ئاینەکەیان .
زۆربەی زانایانی سەلەف لە واتای ئەو ئایەتەدا { وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ } ئەوانەی ئامادە نابنە { الزُّورَ }جەژنەکانی گاوران.
وەپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) لە وەڵامی ابابکردا دەفەرمێت (يا ابابكر فان لكل قوم عيد)صحيح البخاري واتا : ئەبابەکر هەموو مللەتێک جەژنەی خۆی هەیە.

لە ئیمامی عومەر دەگێرنەوە و فەرموویەتی { اجتنبوا أعداء الله اليهود و النصارى في عيدهم يوم جمعهم، فإنَّ السخط ينزل عليهم، فأخشى أن يصيبكم} خرَّجه الإمام البخاري في تاريخه
خۆتان دوور بگرن لە دوژمنانی خوا (اليهود و النصارى )لە جەژنەکانیان لە کاتی کۆبونەوەکانیان، چونکە تورە بوونی خودا دەڕژێت بەسەریان ئەترسم توشتان بێت .

بۆیه داوات لێ دەکەم تەلەفیزیۆنەکانی کوردی داخە نەیکەیتەوە چونکە کەنیسەکان دێنە نێوماڵت نەبادا غەزەبی خوا لە تۆ و ماڵ منداڵت بگیرێت.

ئەی ئەگەر تەنها بۆ سەرە ساڵ بچیتە دەرەوە بەتایبەت کە لە ئەوڕوپا یان لە خۆر ئاوا چونکە خەڵکەکە سەرگەردانە خەریکی خواردنەوە و سەما کردنە تا بەیانی لەو شەوەدا ئایە لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەمە تا چەند تاوانە ؟؟؟

ئەو جۆرە حەرامەیان پێی دەوترێت {_المغلظ } تاوانەکەی چەند جارەیە چونکە زانایان دەفەرموون {_فإذا اقترنت بها المشاركة في شهود زورهم كانت أعظم تحريماً } چونی موسوڵمان بۆ شوێنی ئاوا بەو شێوەیە خۆی لە خۆیدا حەرامە وە دەرکەوتنت لەگەڵیانا واتا بەتۆوە ڕێژەکەیان زیادتر دەبێت ئەوە تاوانەکە گەورەتر لێ دەکات.

ئەگەر بەبۆنەی لە دایک بونی ( عیسا ) سەلامی خوای لەسەر بێت لە سەرەساڵدا ئاهەنگ بگێریت و بیکەیت بە مولود بۆ ئەوەی لە خوا نزیک کەویتەوە چونکە چۆن بەبۆنەی لەدایک بونی پێغەمبەر خەلک مەولود دەکات بەبۆنەی لە دایک بوونی { عیسا }یش بەهەمان شێوە؟؟؟؟

کردنی مەولوود خۆی لە خۆیدا {_بدعة ضلالة } ئەمە ئەگەر بۆ پێغەمبەری سەروەر بێت(صلى الله عليه وسلم ) وە بۆ پێغەمبەری خوا( عیسا ) سەلامی خوای لەسەر بێت تاوانەکی زۆر گەورەترە چونکە لەو لەدایک بونەیدا ئەوان ناڵێن عیسا پێغەمبەری خودایە بەڵکو دەڵێن عیسا خوایە و کوری خوایە .

ئەگەر کەسێک بە بیر و باوەڕەوە ئەو جەژنەیە بکات و پێیوابێت ئاینی { } دروستەو ئاینەکان هەمووی هەریەکن تەنها بۆ پەرستنی خوا هاتون ئەو کەسە لە ڕونگەی ئیسلامدا چۆن تەماشا دەکرێت ؟؟؟
زانایانی ئیسلام دەفەرموون {وحكم هذا النوع أنه كفر مخرج من الملة }ئەو جۆرە بیر و باوەڕە خاوەنەکەی پێ کافر دەبێت لە ئیسلام دەردەچێت خوا پەنامان بدات خاوی پەروەردیگار دەفەرموێت { وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْأِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ } سورة ال عمران 85

واتا : جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیرەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.

## نابێت بەژداری جەژنەی گاوران بکەین لەبەر ئەو چەند خاڵە

{الشيخ محمد صالح المنجد}

1 – لەبەر ئەوەی لەسایە کردنەوەیە وە پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمێت (من تشبه بقوم فهو منهم) رواه أبي داود

واتا :هەرکەسێک هاوشێوەی میللەتێک بکات ئەوە ئەو کەسە لەوانە .

وە ئەمە ئاگادار کردنەوەیەکی ترسناکە { عبد الله بن العاص }دەفەرمێت { من بنى بأرض المشركين وصنع نيروزهم ومهرجاناتهم وتشبه بهم حتى يموت خسر في يوم} القيامة

هەرکەسێت لەنێو گاوران بێت بەژداری نەورۆزیان و ئاهەنگەکانیان بکات لەسایەی ئەوان بکاتەوە تا دەمرێت لە دۆراوەکانە لە ڕۆژی دوایی .

2 – بەژداری ئاهەنگەکانیان جۆرێک لە جۆشەویستی و دڵپێوەبون دەکەیەنێت خوای پەروەردەگار دەفەرمێت { لا تتخذوا اليهود و النصارى أولياء... } سورة المائدة51

واتا : جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەر و پشتیوانی خۆتان.

وە هەروەها خوای گەورەو میهرەبان لە شوێنی تری قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت { يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا عدوي وعدوكم أولياء تلقون إليهم بالمودة وقد كفروا بما جاءكم من الحق... } سورة الممتحنة 1

واتا : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان مەکەنە دۆستی گیانی بە گیانی، لەکاتێکدا خۆشەویستی و سۆزی خۆتانیان بۆ دەردەبڕن، بەڕاستی ئەوان بێ باوەڕیش بوون بەوەی لە لایەن خواوە بۆتان هاتووە .

3 – جەژنە یادێکە لە بیر و باوەڕەوەیە نەوەک یادەوەرییێکی دونیایی چۆن لە فەمودەی پێغەمبەرەوەدا هاتووە(يا ابابكر فان لكل قوم عيد)صحيح البخاري

واتا : ئەبابەکر هەموو میللەتێک جەژنەی خۆی هەیە.

جەژنەی سەرەساڵیش جەژنەیەکی ئایینیە و لە بیر و باوەڕێکی فاسدەوە هەڵقوڵاوە .

4 – زۆربەی زانایانی سەلەف لە واتای ئەو ئایەتەدا { وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ } ئەوانەی ئامادە نابنە { الزُّورَ }جەژنەکانی گاوران .
بۆیە نابێت ئامادەی ئاهەنگەکەیان بیت و جایز نیە هیچ شتێکیان پێ بفرۆشیت یان هەدیە بکەیت وەک نامەی جەژنانە یا دار و شیرنەمەنی چەرەسات و هتد کە بۆ ئەنجامدانی جەژنەکەیان بێت.

نسأل الله تعالى الثبات على السنة حتى الممات،
ونسأله السداد والتوفيق لناولكم....

وبالله التوفيق

سبحانك اللهم وبحمدك لا إله إلاَّ أنت أستغفرك وأتوب إليك!